# گەشتێك بۆ بیرەوەریستان

کاتێك، کە سۆشیالیستەکان لە دەمی سەرهەڵدانی بزاڤی چەکداری ڕەزبەری 1961 و پوشپەڕی 1976 و ڕاپەڕینی جەماوەری 1991دا وتیان ئەوەی بۆرژوازی کورد خەریکییەتی، جەنگی دەسەڵاتخوازییە و لەژێر دێوجامەی مافی نەتەوە و داخوازی بەشمەینەتاندا ئاگرەکەی خۆش دەکات، ئەوکات ناسیونالیستە دەمارگیرەکان ئەم وشانەیان بە دژایەتی کورد و نۆکەری دوژمنان هەژمارد کرد، بەڵام ئەوەتا پاش حەڤدە ساڵ دەسەڵاتداری بۆرژوازی کورد، نە پرسی کورد چارەسەر کراوە و نە داخوازییەکی تاکی کورد هێنراوەتە دی، بەڵکو لەمەش واوەتر کەرکووك کرایە گۆڕی دەنگە ئازادیخوازەکانی کورد! هەژێن

## بەشی پێنجەم : کەرکووك

پێشتر هەرکات، نێوی «کەرکووك»م بەرگوێ کەوتبێت، یەکسەرە قەڵا و چایخانەیەکی نزیك «قەڵا»م هاتووەتەوە یاد. ئەو کات تەمەنم نۆ ساڵان بوو و دیمەنی قەلا بۆ من، کە پێشتر لە هیچ شوێنێك «قەڵا»م نەدیتبوو، شتێکی سەرنجڕاکێش بوو. قەد لەو باوەڕەشدا نەبووم ڕۆژێك ئەو «قەڵا»یە نەناسمەوە.


ئەم وێنەیە لە سایتی هاوپشتی 29.07.2008 وەرگیراوە

«قەڵا»ی نێو یاداوەرییەکەی من، هەم ڕەنگین و هەم ئاوەدان بوو، کەچی «قەڵا»کەی ئەوڕۆ وێرانەیەکە و سەردەمێکی گومناومان دێنێتە پێشچاو. ئەوسا قەڵا لەنێو شارێکی ئاوەداندا، لە ڕوخسارێکی خەندان دەچوو، کەچی ئەوڕۆ وێرانەیی قەڵا لەنێو کەلاوەکانی «کەرکووك»دا وەك خەمێکی گەورە، بووە مۆتەکەی سەر دڵی شار و هەرکەس گەمژە نەبێت، بۆی دەردەکەوێت کە (دڵی کوردستان و قودسی کوردستان) دوو درۆی پیرۆز بوون، بۆ فریودانی لاوانی خوێنگەرمی گەرمیان.

کەرکووك، ئەو شارەی کە بە درۆ زیاتر لە هەزار و چوارسەد گوندی لەپێناو وێرانکرا، «هەڵەبجە»ی بۆ خرایە بەر ڕەهێڵەی بارانی کیمیاوی و سەد و هەشتا هەزار گوندیی یاخی بۆ خرایە دەمی دێوەزمەکەی بیابان، کەچی ئەوڕۆ ڕابوردوویەکی خەمناك و داهاتوویەکی لێڵ دەخاتە پێشچاو و ئەو «کەرکووکی»انەی کە دوێنێ لە هەولێر و سلێمانی نازناوی (تیئێنتی)یان پێبەخشرابوو، ئەوڕۆکە ترسی (تیئێنتی) بەدوایانەوە بووەتە سێبەری مەرگ و کۆڵانە بەکۆڵان گەڕەك بە گەڕەك ڕاویان دەنێت و خەونەکانی پێش گەڕانەوەیان دەکاتە نەخشی سەر ئاو.

لە گەراج، سواری باسێك (كوستەرێك) بووین. كاتێك كە سەردەكێشمە نێو كۆسەتەرەكان، هەشتاكانی سەدەی رابوردووم دێتەوە یاد و دەستبەجێ ترسی پشكنینگەكان داندەمرێت. ئاخر جاران سواربوونی ترومبێل بەرەو سارێكی تر، رێگەی هات و نەهات بوو؛ سوكایەتی و مۆرەلێكردن و خەڵك داگرتن و داوای شوناسنامەكردن و فشاری دەروونی و ... تد، ئەو شتانە بوون، كە وەك نێوی خۆت لەبیرت نەدەچوون و بەردوام بە كۆڵتەوە بوون. كەم و زیاد، ئێستاش ئەم دیاردانە لە ئارادان و لە شەڕی (ینك) و (پدك)، (ینك) و (ئیسلامییەكان)، كەم نەبوون ئەوانەی كە لە گەشتێكدا دادگیراون و تا هەنووكەش هەر بێسەروشوێن ماونەتەوە. پێم وانییە، كە ئەوە تەنیا هەستێكی نامۆ بێت لە مندا، بەڵكو زۆرێك ئەو هەستە بەسەریاندا زاڵە.

دیمەنی یەكەم: تەكیە*




كاتێك كە بەنێوان دیمەنی دارسنەوبەرەكانی ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵەكەوە بەرەو خوار دەبیتەوە، هەست بە گەرانەوە بۆ باوەشی سروشت دەكەیت، سروشتی هەشتاكانی سەدەی رابوردوو، سروشتێك كە تێیدا مرۆڤ نەبووەتە بوونەوەرێكی درندە و كولانە و پێدەشتێك بە ئاژەڵان ڕەوا دەبینێت. ئێرە تەنیا شوێنێكە، كە لە سێ (پارێزگە)دا بە واتای سروشپارێزی و ئاژەڵدۆشتی، كەر و سەگی بێسەرپەنا و بێخاوەن تێیدا هەست بە ئاسوودەیی و ئازادی دەكەن و لە كەنار شاڕێ و شەقام و كۆڵانەكاندا لێی ڕاكشاون و تەنانەت هۆڕێنی ترومبێلەكانیش نایان سڵەمێنێتەوە و بە كاوەخۆ بەسەر شاڕێ ئەسفالتكراوەكەدا دەپەڕنەوە و هیچ سڵ لە تێپەڕینی ترومبێلەكان ناكەنەوە. لەوە دەچێت، كەلتوری ئاژەڵدۆستی دانیشتوانی ئەم شوێنە، كارایی لەسەر شۆڤێرەكانی دەرەوەش دانابێت و ناچار بووبن، ڕێز لە ئاژەلان بگرن. من بۆ خۆم لە سەرتاسەری كوردستان تەنیا سەرنجڕاكێشترین دیاردەی پۆزەتیڤ كە بەرچاوم كەوتبێت، دیاردەی ئاسودەیی ئاژەلان بوو لەنێو مرۆڤەكاندا. هەرچەندە برسییەتی و كەم خزمەتی بە ئاژەڵەكانەوە دیار بوو، بەلام لەوە دەچوو لە چوارلای كوردستانەوە هەرچی (سەگ) و (كەر)ە بێخاوەنەكان، لانەیان شێوابێ و كرابێتە كۆشك و تەلاری سەرمایەدارەكانی پارت، لەبەر ئەوە ڕوویان لەم دەڤەرە نابێ، چونكە تەنیا شوێنێكە، كە ئاژەڵ تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بكات. ئاخر ئەم شوێنە، بۆ تەلاری گەشتوگوزار و كۆشكی دەوڵەتمەندان، شوێنێكی گونجاو نییە، بۆیە لە ئاژەڵان داگیر نەكراوە و بووەتە پەناگەی ئاژەڵان. من بۆخۆم زۆر لەوە نائومێدم، كە ئاغاكانی كوردستان لەتاو چاپلوسی و مشەخۆری بەم زووانە بیان پەرژێتە

سەر ئاژەڵپارێزی، بەلام خۆزگە زانیبام، -زمانم لاڵ بێ- ئەگەر تەمەنیان درێژ بێ و بگاتە سەدەی بیست و دوو، تۆ بڵێی ئاوەزیان بەوە بشکێ، کە دارستانەکانی ئەو دەڤەرە بکەنە باخەئاژەڵێکی سروشتی گەورە؟ ئەگەر تا ئەوکاتە دارسنەوبەرێك بمێنێت، چونکە ئەترسم بە بیانووی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ڕژێمی بەعس، دارستانەکانیش لەنێوبەرن و بیانکەنە ناوچەی قەدەخەکراو!

## چەمچەماڵ:

بەبیرم نایێت، بە چەمچەماڵدا تێپەڕی بم، بەڵام لە دوورەوە بێ خزمەتگوزاری وەك هەر نشینگەیەکی تری کوردستانی پێوە دیارە. پیش ئەوەی بگەینە کەنار چەمچەماڵ، هاوگەشتێك لەتەنیشتمدا وتی "ئەوە پردی (باوك و کوڕەکە)یە، دوو ساڵە هەر تەواو نەبووە". زۆرم بەلاوە سەیر بوو، دەبێت مەبەستی لە (پردی باوك و کوڕەکە) چی بێت، تۆ بڵێی لە کوردستاندا پرۆژەی خەڵککرد گەیشتبێتە ئەو ئاستە، کە باوك و کوڕێك، بەتەنیا بیر لە




بەستنی پردێك بۆ دەڤەرەکەیان بکەنەوە؟ بۆیە پاش کەمێك وردبوونەوە لە قسەکەی و تاوتوێکردنی مەبەستەکەی، لێم پرسی: مەبەستت لە (پردی باوك و کوڕەکە) چییە، بەخۆیان و لە گیرفانی خۆیان چێی دەکەن؟ کابرا لە وەلامدا وتی " نا، بەپێچەوانەوە، کۆنتراتیان کردووە و لەوە ناچێت دوو ساڵی تریش تەواو ببێت".

## بانیمەقان:

کاتێك کە دەگەیتە «بانیمەقان» دارستانی تەنك بوو و بێنازی دارسنەوبەرەکان، کۆڵیتی پشکنینگەکە و بەرگی سەوز و پەلاوی چەکدارەکان، بۆ تاوێك ئامادەیی سەربازەکانی ڕژێمی پێشووت دەهێننەوە بەرچاو. ئەمە تەنیا خەیاڵی من نییە، ڕێبواری بەسەرنج هێشتاکە دەتوانێت دەنگدانەوەی جنێوی بەعسییەکان لەو ناوە ببیستێت.

قەرەهەنجیر:

ئەگەر بڕیار بێت، نێوێکی تازە بۆ «قەرەهەنجیر» بدۆزینەوە، ئەوا تەنیا ناوێك كە بۆ ئەم شوێنە دەست بدات «ئاڵائاوا»یە. چونكە تەنیا شتێكی سەرنجڕاكێشی ئەم شوێنە، زۆری و ڕەنگاو ڕەنگی ئاڵاكانە و ئەم پرسیارە یەخەی ڕێبواری ناشارەزا دەگرێت: ئاخۆ بۆ بنكەی «دەوڵەتە یەكگرتووەكان»یان هێناوەتە ئەم بنار و چۆڵەوانییە؟ لەم سەری «قەرەهەنجیر» لە دەستی ڕاستەوە یەكەم تەلار وابزانم فێرگەیە، كۆمەڵێك ئاڵا لە حەوشەكەیدا چەقێنراون و فرەتر لە بنكەی ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتی دەچێت.




كەمێك لەولاترەوە بارەگای (پدك)ە، كە ئاڵای كوردستانی بەرزهەڵداوە و خوارتر لەو، ئاڵایەكی زەردیشی بۆخۆی هەڵداوە. پاش ئەوان، تەلارێكی سەوز و ئاڵایەكی سەوزی بەرز، كە ئاڵای كوردستان لەنێو قەدیدا شۆڕبووەتەوە، پەیامی بالادەستی (ینك) لەوێندەرێ بە گوێی ڕێبواراندا دەدات، لەوە دەچێت گۆڵی (پدک) لە (ینک) لە ئاڵابازیدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، كە دواتر گەرابنەوە ئێرە و بیانەوێت سەرنجی خەڵكی بەوە رابكێشن.

چۆڵی و بێدەنگی خانوو و كۆڵانەكانی «قەرەهەنجیر» و سستی ژیان تیایاندا، نەخشێك لەسەر یاداوەرییەكانت دەكێشێت. لە دەرچەی ئەوسەر، بەر لەوەی ماڵاوایی بكەی، پەیكەری گیانبەخشێك ئەمبەر و ئەوبەر (ئاراستەكان)ی شارێكە لەیەك جیادەكاتەوە و بۆ ساتێك سێبەری ترسی ڕژێم بەسەر بیری ڕێبوارامەوە دەرەوێنێتەوە و بیرت دەخاتەوە كە ڕژێمی بەعس روخاوە... .

دەرگەی شار:

گەشتیارێك كە لە «سلێمانی» و «هەولێر»ەوە بەرەو كەركووك بڕوات، هەروەك چۆن سەربازێكی زۆرەملێ لە بەرەی جەنگ نزیك دەبێتەوە، ئاوا لەگەڵ نزیكبوونەوەی لە دەرگەكانی شار، هەست بە ترسێكی هەمیشەیی و ڕاونەر دەكات.

سیمبولەكانی ڕژێمی بەعس لە دەرگەی شاردا پێشوازیت لێدەكەن؛ ئەستێرە هەشپاڵووەكانی، ئاڵاكەی، كۆڵیتی پشكنینگەكانی. لەگەڵ نزیكبوونەوە لە خاڵی پشكنینگەكەی، لەبەر ئەوەی كە پێشتر ئەوەندەم لەبارەیەوە بیستبوو، لەگەڵ دیتنی سیمبولەكانی پشكنینگەكە، بۆ ساتێك ترسێك بەسەرمدا زاڵ بوو و گێڕامییەوە سەدەی بیست و ئەوكاتانەی كە بڵاوكراوە و نامەی نهێنیمان پێ بوو و بە خاڵی پشكنینگەكاندا تێدەپەڕین. بەخۆم نەبوو، هەستم بە نزیكبوونەوەی بەعسییەكان دەكرد، نازانم هی ئەوە بوو كە یەكەمجارم بوو وەك نەیارێك بەو دەسەڵاتە، بەوێدا تێپەڕم یا نەمدەتوانی ڕوخانی بەعس وەك شتێكی مەڵموس وەرگرم.




لە كەركووك، ترس مۆتەكەی سەر دڵی (دڵ) و (قودسی) كوردستانە؛ ترس لە هەموو شتێك، لە پێش هەموویانەوە ترومبێل، ئەو بەرهەمهێنراوەی كە بەدیوێكدا خزمەتگوزاری پێدەكرێت و بە دیوەكەی تردا ژینگە تێكدەدات و زۆربەی هەرەزۆری جەنگە نێودەوڵەتییەكانی سەدەی نۆزدە و بیست و بیست و یەكیش، هەر بۆ گەرمكردنی بازاری وی بوون و دەبن.

لە كەركووك دا ترومبێل تەنیا ژینگە تێكدەر نییە، بەڵكو مرۆڤكوژیشە. دەستی ڕەش، ترومبێل بۆمبڕێژ دەكا و لەناو ئاپورەی خەڵكدا دەیتەقێنێتەوە. هەر تەقینەوەیەك دەكرێت، زۆرێك بكرێنە خاوەنی؛ سیخورانی میتی توركی، سیخورانی كۆماری ئیسلامی ئێران، سیخورانی عەرەبستانی سعودیە، سورییە و ....، باندەكانی (سیا)، خودی میری نێوەندی عیراق و تەنانەت دوو پارتە دەسەڵاتدارەكەی كوردستانیش. لە بەرامبەر تەقینەوەی ترۆمبێڵ بە مرۆڤەكاندا، هاوكاتیش هیچ كەس و ترومبێلێك بۆی نییە سەد مەترێك لە ترومبێلی هێزەكانی ئەمەریكا نزیك بێتەوە، تەنانەت ئەگەر بریندارى تەقینەوەی بۆمبەكان یا نەخۆشێكی پرمەترسیشی بێت، ئەوان فەرمانیان پێیە، تەقە لە هەر كەس و ترومبێلێك بكەن، كە سەد مەترێك لێیان نزیك بێتەوە. بە كورتی لە كەركووك دا بە هیچ شێوەیەك ترومبیڵ لایەنی پۆزەتیڤی بۆ مرۆڤەكان نییە، لە هەر سێ بارەكەدا هەر مرۆڤكوژ و ژینگە وێرانكەرە. ئەمە ئەو دەستكەوتەیە، كە سەرمایەداران و كۆمپانیاكان بە پلانەوە جەنگە ناوچەیی و جیهانییەكانی لە پێناودا وەڕێ دەخەن!

من هێشتا خەیاڵی منداڵی بەرۆکی بەرنەدابووم و هەر وێنەی «کەرکووک»ەکەی جارانم دەهاتەوە خەیاڵ، بە دیتنی خانووە هەژارەکانی سەرەتای کەرکووک، تووشی دوودڵییەك بووم، لەوەی کە ئەوە کەرکووك بێت. ئەم ناتەباییە لە دیمەنەکاندا منی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە یا ئەوەی من بە مناڵی دیتوومە کەرکووك نەبووە یا ئەوەتا ئەم جێیەی من پێیدا تێدەپەڕم کەرکووك نییە!

کاتێك کە گەشتیارێك، بە نێو کەرکووك دا تێدەپەڕێت، فرەتر وێنای سەربازگەیەك یا وێرانەی شەڕگەیەکی دێتە بەرچاو تاکو شارێکی کۆن. ڕوخسار و ڕەگەزەکانی شاربوون، لە




کەرکووك سەندراونەتەوە. شەڕگەیەکە و تێیدا نەوتخوازان یاری بە چارەنووسی دانیشتوانەکەی دەکەن و ململانێی خۆیان لەژێر داخوازی و ستەمی نەتەوە و کەمە نەتەوەکاندا پەردەپۆش دەکەن. باشترین نموونەش بۆ ئەمە دەسەلاتدارانی بۆرژوازی کوردن، کە شەڕێکیان بەدەستەوە بووایە، کەرکووك یان دەکردە دڵ و قودسی کوردستان و دەیان لاواندەوە، بەلام کاتێك کە لە هەولێر و سلێمانی، ئاوارەکانی کەرکووك داوای سەرپەنا و دابینکردنی بژێویان لێدەکردن، ناوونائۆرەی (تی‌ئێن‌تی)یان بەبالایان دەبڕی، کەچی ئەوڕۆ هەر ئەوانە وەك هەر نەوتخۆڕێك کوتاویانەتە سەر خەڵکی و دەیانەوێت نیازە گڵاوەکانیان لەژێر پەردەی کوردستانیبوونی ئەم شارەدا بهێننەدی. ئەمە زەنگێکە و خەریکە خەڵکی کەرکووك لە ژاوەژاوی ناسیونالیستە نەوتپەرستەکان بەئاگا دەهێنێت.

کەرکووك شوێنێك نییە، بەو واتایەی کە شار دەیگەیێنێت. بەڵکو بەرەی شەڕە، کە دەسەڵاتداران و دەسەلاتخوازان ئاگری شەڕی ناسیونالیستانەی تێدا خۆش دەکەن و خەریکی هەڵچنینی دیوارەکانی نەتەوەچییەتین، ئەو دیوارانەی کە لە پاش مانگرتنەکەی «گاورباغی»یەوە بە ئەندازیاری بریتانیا و پیادەکردنی بەردەوامی لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق و زیندووڕاگرتنی بەردەوامی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنە دەسەلاتخوانەکانەوە، لە بەرزبوونەوەدایە. لەم شارەدا تاکی هیچ نەتەوە یا کەمایەتییەك بە ڕۆژی نیوەڕۆ بێ دڵەڕاوکێ و پەلەپروزێ ناوێرێت سەردانی هاوەڵێکی یا فەرمانگە و کارگێڕییەك لە گەڕەك و ناوچەی نەتەوە یا کەمە نەتەوەیەکی تردا بکات. ئەمە ئەو

ڕزگارییەیە کە لەشکری سەرمایەدارانی ئەمەریکا و ئەوروپا بەسەر نووکی موشەکە ژیرەکانیانەوە بۆیان بە دیاری هێنایِن؛ ترس لە هاوشاری و ترس لە هاوپۆلەکەت، ترس لە شۆفێری تاکسی و ترس لە دەستفرۆشان، ترس لە سێبەری خۆت، ترس لە هەر شتێك کە لەو شارەدا ببزوێت.

لە «کەرکووك» دا شەڕێکی بەردەوام و پەردەپۆشکراو، ڕۆژانە ژیان ڕاو دەنێت و ڕکوکینەی ناسیونالیستانە، جێگەی تەبایی و هاوچارەنووسی مرۆڤەکان دەگرێتەوە. هەموو هێزەکان هەر لە بیانییەوە تا ئیسلامی و عەرەبی و تورکمانی و کوردی، لەم شەڕەدا بەشدارن و خەریکی چنینەوەی بەروبوومی کوشتارەکانن و برایانە دەستیان ناوەتە بینەقاقای خەڵکی هەژار و بەشمەینەتی ئەم شارە. شەڕێکی ناسیونالیستانە کە لایەنە ڕامکارەکان لەم شارەدا بەڕێیان خستووە، هاوکاتی دابینکردنی بەرژەوەندییە سەروخەڵکییەکانیان، لە تیرۆر و ڕفاندنی نەیارانیاندا دەستی ئاوەڵا کردوون و ئەو بیانووەی داوەتە دەستیان، کە بکەری هەر تاوانێك، لایەن و نەتەوە و کەمەنەتەوەکانی تر تاوانبار بکات و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت.

کەرکووك، کە لەسەر دەریایەك نەوت وەستاوە، هەرکات گا و نەهەنگە سەرشێتەکانی سەرمایە، بکەونە لاساری، ئەوا دەبێتە دۆزەخاوایەك، کە مێژووی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە نەیدیتبێت. هەرچەندە هیز و لایەن و کەسە دەرەکییەکان – مەبەست دەرەوەی شاری «کەرکووك»ە- بەردەوام بەنزین بە ئاگری ئەو شەرەدا دەکەن و ئاسوودەیی و ژیانیان لە دانیشتوانەکەی تاڵ کردووە، لەم بارەدا تەنیا هێزێك و بەرەیەك کە توانای بەرگرتن بە




کڵپەسەندنی ئەو شەڕەی هەیە، ئەوە خودی دانیشتوانی ئەم شارەن و تەنیا ئەوان بە خۆیان دەتوانن وەك مۆتۆری بزاڤێکی ئاشیخوازانە دەستبەکار بن و پشتیوانی دەوروبەر بۆ خۆیان ڕاکێشن و پلانی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان پوچەڵ بکەنەوە.

ئەگەر ڕوخانی ڕژێمی بەعس بە لەشکرکێشی چەتەکانی دەریا و نەوتخۆرەکانی جیهان لە لایەن زۆرینەی ناهوشیارەوە، وەك سەرەتایەك بۆ گۆرانی پۆزەتیڤ چاوەڕوان دەکرا، ئەوا دەبوو ئاشتی و تەبایی و سڕینەوەی ئاسەواری ڕامیارییە شۆڤێنیستی و فاشیستییەکانی بەعس لە شاری «کەرکووك»ەوە دەست پێبکەن و لەوێدا زۆرتر ڕەنگ بدەنەوە. بەلام بە

پێچەوانەوەی چاوەڕوانی زۆرینەی خۆشباوەڕەوە، ئەوەی ڕوویدا بەرگرتنی ڕامیارییە نەخشە بۆ ڕێژراوەکانی سێ دەهە تەمەنی دەسەلاتی بەعس بوو.

ئەورۆکە ئیتر، هیچ پەردەپۆشێك نییە، بتوانێت راستییەکان بشارێتەوە، مەگەر کەسێك بە خۆی گەمژە بێت یا نەیهەوێت و بەرژەوەندیپەرستی بواری دەرککردنی ئەو راستییەی نەدات، کە کەتواری ڕووداوەکانی حەڤدە ساڵەی سایەی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد لە کوردستان و پێنج ساڵەی سایەی دەسەلاتی بورژوای دیموکراتەکانی عیراق لە عیراق بە گشتی و لە «کەرکوك» دا بەتایبەتی، دەیچەقێنێتە چاومان.

ئەورۆ ئیتر، ئەو راستییە لە جاران ئاشکراترە، کە کەرکووك نە دڵ و نە قودسی کوردستانە،




نە ئەو شەڕەش کە شەش دەهە ئاگرەکەی بە خوێنی لاوانی خوێنگەرمی کوردستان خۆش دەکرا، شەڕی خەڵکی چەوساوە و بەشمەینەت و بندەستی کوردستانە، بەڵکو نەوتەکەی باباگوڕگوڕە، کە قیبلەنوێژی بۆرژوازی کوردستانە. ئەگەر هێشتاکە کەسێك پەیدا دەبێت، کە گومانی لەمە هەبێت، با سەرنجی کۆشکوتەلاری بازرگانانی کوردایەتی و سەرپەنای ئاوارەکانی «کەرکووك» لەم سەر تا ئەو سەری کوردستان بدەن و پێناسەیەك بۆ گیانبەخشی ئەو بەدبەختانە بدۆزنەوە، کە گیان و ژیانیان بووە قوربانیی بەدەسەڵاتگەییشتنی نوێنەرانی ڕامیاربازی بۆرژوازی کورد!

گەشتەکەم، درێژەی هەیە....

* هیوادارم بە دوای یەکدا هاتنی شوێنەکان لە «سلێمانی»یەوە بۆ کەرکووك، هەڵەم تێدا نەکردبێت، چونکە من لە پاش 1976ەوە ئەوە یەکەم گەشتمە، بەرەو کەرکووك. هەرچەندە ئەو دیمەنانەم لە ڕۆژمێری بەرباخەڵمدا تۆمار کوردبوون، بەلام بەداخەوە ڕۆژمێرەکەم، ونبوو و بۆ دڵنیایی پرسیارم لە چەند هاوەڵیکی کەرکووکیم کردووە.